*گۆشەی هەر جارە فەیلەسوفێك*

# جان پۆل سارتەر



**مێژووەکان:-**

*لەدایك بوون:-٢٣/٦/١٩٠٥ پاریس، فەرەنسا.

*مردن:- ١٥/٤/١٩٨٠ پاریس، فەرەنسا.

*خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب:- ساڵی ١٩٦٤.

**تایبە تمەندیەکان:-**

دیاردەگەرایی، پوچگەرایی، سایکۆلۆژیا.

**گرنگترین کارەکان:-**

-ئەندێشە (١٩٣٦)

-هێڵنج (١٩٣٨)

-بوون ونەبوون (١٩٤٣)

-رەخنە لەهزری دیالێکتی (١٩٦٠)

-راستی و بوون (١٩٧٩)

**ژیانی:-**

سارتەر فەیلەسوف و رۆماننوسێکی فەرەنسی بوو، کە بەبۆچوونە (وجود)ی و (پووچگەراکان)ی بەناوبانگ بوو. گرنگترین شێوازی سارتەر ئەوە بوو فەلسەفەی بۆ (خەڵکانی ئاسایی) و (فەیلەسوفەکان ) دەنووسی. ئەو کارانەی بۆ فەیلەسوفەکانی دەنوسی کتێبی تەواو فەلسەفی بوون، ئەوانەشی بۆ خەڵکی ئاسایی بوون بریتی بوون لە (رۆمان و کاری شانۆیی) هەردوو کارەکان (یەك) ئامانجیان هەبوو، بەڵام بەدوو شێوازی جیاواز. لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا کاتێك نازیەکان (فەرەنسا) یان داگیر کردبوو، (سارتەر) چالاکانە دژی نازیەکان دەجەنگا.

تەوەرەی سەرەکی فەلسەفەی سارتەر مامەڵە لەگەڵ (بوون) و (مرۆڤ)دا دەکات : چی وامان لێ دەکات بەوەی (ببین) بەوەی کەهەین و چیش وامان لێ دەکات (ببین بەمرۆڤ). (ئازادی)ش بەیەکێك لەبەها گرنگەکانی فەلسەفەی سارتەر دادەنرێت.

لەدوا نووسینەکانیدا سارتەر روویکردە تێروانینی مارکسی بۆ کۆمەڵگا و گەیشتە ئەو قەناعەتەی هەندێك کۆت و بەندی کۆمەڵگا هەن مەحاڵە بتوانرێت لەناو ببرێن و بۆ چارەسەرکردنیان پێویستە (شۆڕش) ئەنجام بدرێت.

سەرەڕای بۆچوونە فەلسەفیەکانی (سارتەر) پێیوابوو مرۆڤ (بێ خودا) کائینێکی تەنهایەو بێ مەبەست هەنگاو دەنێت، بۆیە هەردەم دووپاتی دەکردەوە کە (بیروباوەرە ئاینیەکان) بەردەوام لەگەڵی ژیاون و لێی دانەبڕاون.

ئا/ شاسوار کەمال مەحمود